### لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

# مەراسیمێکی ماتەمگێڕی

# بۆ نووسەر و مامۆستای زانکۆ ئەکرەم عەنەبی



ئەکرەم عەنەبیو خاتوو سارای خێزانیو هێلینی کچی جوانەمەرگ

**ئا: کامەران**

ئێوارەی 4/20 هاوکات لەگەڵ نزیکبونەوەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیریی هەڵەبجە لەهۆڵی ئەحمەد موختار جاف مەراسیمێکی ماتەمگێڕی بۆشەهید د.ئەکرەم عەنەبی سازکرد، مەراسیمەکە جگە لەخوێندنەوەی چەند پارچە شیعرو پەخشانێك بۆ کۆچی دوایی لێکۆڵیارومامۆستای زانکۆ چەندین وتارو بابەت بەو بۆنەیەوە خوێنرایەوە، لەوانەش:

–وتاری بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، لەوتارەکەی کۆلیژی ئاداب مەرگی لەناکاوی ئەکرەم عەنبیان بە بۆشاییەکی گەورە لەئەدەبیاتی عیرفانی وئەدەبیاتی کوردی وەسفکرد.

پاشتر ئیبراهیم هەورامانی وتاری بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیریی هەڵەبجەی خوێندەوە، لەوتارەکەی هەورامانیدا ئاماژە بۆکەلێنێکی گەورەکراوە لەڕۆشنبیریی ئەوشارە بەهۆی مەرگی لەناکاوی ئەکرەم عەنەبیەوە کرابوو.

_وتاری هاوڕێیانی ئەکرەم عەنەبی لەلایەن بەهمەن تاهیر نەریمانەوە خوێنرایەوە


–وتاری بنەماڵەی شەهید، لەلایەن بێستونی برای شەهیدەوە خوێنرایەوە، پاشترنمایشکردنی پانۆرامای ژیاننامەی ئەکرەم عەنەبی بە ئامێری سینەماڤیژن وەك مامۆستایەکی زانکۆو وەك نوسەرو لێکۆڵیارێك.نمایشکرا.

ماوەتەوەبڵێین ئەکرەم عەنەبی لەساڵی 1976 لەگوندی عەنەبی ناوچەی هەڵەبجە لەدایك بووە، ساڵی 1998بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاّحەدین تەواودەکات، ساڵی 2001پلەی ماستەر لە هەمان کۆلیژ تەواودەکات بەپلەی زۆرباش و باسی ماستەرەکەشی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریە لەنێوان زمانی هەورامی و فارسیدا، هەمان ساڵ دەبێتە مامۆستا لەبەشی فارسی و کوردی هەمان کۆلیژو لەهەمانکاتدا وانەبێژ دەبێت لەکۆلیژی پەروەردەی سۆران.

ئەکرەم عەنەبی بەردەوام لەنێوەندی ئەکادیمی ناوێکی دیاربوو، بەتایبەتی بەنوسین و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئەدەبی کوردی وبەراوردی زمانەوانی لەنێوان زمانە جۆراو جۆرەکاندا

_ساڵی 2005دەبێتە خوێندکاری دکتۆرا لەزانکۆی سەلاّحەدین، بەلاّم بەداخەوە ڕۆژی3/19 لەڕێگەی هەولێر کەرکوك خۆی خاتو سارای هاوسەری وهێلینی کچی گیان لەدەستدەدەن ولەدوای خۆی کیژۆڵەیەکی تەمەن سێ ساڵ و زیاتر لە 15کتێبی بەجێهێڵاوە، کەدیارترینیان (چەند بەرگێك لە شیکاری غەزەلنامەی گوڵستانی سەعدی شیرازییە) بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتودا بکەوێتە بەردەستی خوێنەران..

هەربەم بۆنەیەشەوە هاوڕێیان و بنەماڵەی ئەم نوسەرە شەهیدە ئاگاداری دۆستان و هاوڕێیانی ئەکرەم دەکەن لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات هەرکەس نوسین و بابەتی ئەکرەمی لایە بیگەیەننە دەستی بنەماڵەکەیان بۆئەوەی بەزوترین کات بەچاپی بگەیەنن..





دایکی ئەکرەم عەنەبی سێ مۆم بۆ ڕۆحیانەتی کوڕەکەیو هێلینو خاتوو سارا دادەگیرسێنێ